کاروان کاکەسوور لە وەڵامی دەنگەکان دا سەبارەت بە ئەنفال و رۆمانی ئەدەب

لە ئەرشیفی دەنگەکان وە ١٤/٤/٢٠٠٧

دەنگەکان:

دوای تێپەڕبوونی ١٩ ساڵ بەسەر کردەی ئەنفالدا، ئایا ئەدەب توانیوێتی لە ناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاوازبێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندووین؟ تایبەمتمەندیی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بە بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێت زمانێک بێت بۆ بۆجیهانیکردنی کردەی ئەنفال؟

کاروان کاکەسوور:

ئەو پرسیارە بە هەر شێوەیەک و لە هەر ئاستێکدا بکرێت، ئەوە هەر دەمانخاتەوە بەردەم بیرکردنەوە لە پێوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو. ئەنفال وەکوو ئیرادەیەکی ئایدیۆلۆجی بەسەر واقیعی ئێمەدا سەپێنراوە. ئەو ئیرادەیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی داوە هەموو بیرکردنەوە و خەیاڵێک بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. ئەمە تەنیا پێوەندیی بە ئەنفالەوە نییە، بەڵکوو هەموو ووداوە گەورەکانی مێژوو ئاوان. پێوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیعیش هەمیشە پێوەندییەکی شەڵانگێز بووە. مەرج نییە خەیاڵ تەنیا ئەدەب و هونەر بەرهەم بهێنێت، بەڵکوو زۆر جار واقیع بەرهەم دێنێتەوە. دەشێ خەیاڵێکی جوان لە جیاتیی ئەوەی ببێتە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان یان تابلۆیەکی هونەری، ببێتە دروستکردنی تفەنگێکی دوورهاوێژ، تۆپێکی گەورە، یان ڕۆکێتێکی سەرسووڕهێنەر. کەواتە سەرچاوەی هەموویان هەر خەیاڵە. پێم وایە بە هەڵەدا دەچین، کاتێک دەمانەوێت ئەنفال و هەر ووداوێکی دیکەی مرۆیی لە خەیاڵ و فەنتازیا دابڕێین. ئەنفال پێش ئەوەی بکرێتە واقیع، تێکست بوو. پێش ئەوەی بکرێتە تێکستیش، خەیاڵ بوو. کاتێک خەیاڵ و ئایدیۆلۆجیا ئاوێتە دەبن، ووداوی وەکوو ئەنفال دەهێننە کایەوە. مەبەست لە ئایدیۆلۆجیا هەر سەرچاوەیەکی زانراوە، کە لە ڕۆیاوە بیر دەکرێتەوە و دەڕوانرێت. واتە کۆششی

ئامادە هەن و وا خەیان دەردەخەن بۆ هەموو دەخۆکان دەست دەدەن. کێشەی گەورە لێرەدایە، کاتێک نووسەر دەیەوێت ئەو واقیعە بکاتەوە خەیاڵ. ئەو تێگەیشتنە هەتا ئێستایش بەسەر ئەدەبی ئێمەدا زاڵە. دەبێت لێرە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەنفال بە نهێنی لەناو بۆشکی زۆری تێکستەکانماندا کار دەکات، بۆیە کاتێک دەمانەوێت قسە لەبارەی ئەنفالەوە بکەین، مەبەستمان ناوی ئەنفال نییە، مەبەستمان ئەو تێکستە ئەدەبی و هونەرییانە نین، کە باس لە ئێپەڕاشیۆنی ئەنفال دەکەن، بەڵکوو مەبەستمان ئەو دیسکۆرسەیە، کە لە پشت بیرکردنەوەی نووسەرەوە ئامادەیی هەیە. مەبەستمان گرێی ئەنفالە، کە بە درێژاییی تەمەنی خەیاڵمانی هەنگاوێژ کردووە. ئەنفال دەستایەتییەکی زۆر بەتینی لەنێوان نووسەر و مێژوودا پێک هێناوە. ئیشی ئەو نووسەرە بەردەوام ئەوە بووە دژنەواییی ئەو مێژووە بریندارە بداتەوە.
لێرەوە زمانی نووسەری ئەدەبی نەک هەر تێکەڵی زمانی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت دەبێت، بەڵکوو هەوایەتییشیان پێ دەدات. سەیر نییە کاتێک دەبینین هەموو ساڵێک شیعر و پەخشان شانبەشانی گوتاری سیاسی یادی ئەنفال، هەڵەبجە و ئاپەڕین دەکەنەوە. بە هەمان تێوانین و بە هەمان زمان. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە، کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە واقیع دیاری بکات، یان بە مانایەکی دیکە بیخاتە ناو چوارچێوەیەکی سنووردارەوە، بەو مەبەستەی سەری لە ئەرکەکانی خۆی دەربچێت، بەڵام نووسەری ئەدەبی، ئەو نووسەرەی ویستی تێپەڕاندنی هەیە، بە پێچەوانەوە واقیعێکی گریمانەیی دەخوڵقێنێت، کە تەواو جیاواز بێت لەو واقیعەی ئایدیۆلۆجیا دیاری دەکات. لای ئێمە مەسەلەکە ڕێچکەیەکی دیکەی گرتووە. بگشتی نووسەران یارمەتییەکی گەورەی ئایدیۆلۆجیایان داوە، کە واقیع پێناسە بکات. بە مانایەکی دیکە، ئەو لە ڕێگەی ئایدیۆلۆجیاوە پێوەندی بە واقیعەوە دەکات.
ئەو نووسەرە وا بە بیست ساڵ دەچێت خۆشحاڵانە لەناو ئەو واقیعەدا دەژی، کە ئایدیۆلۆجیا خوڵقاندوویەتی، بە هادەیەک، جیاوازی لەنێوان خودی نووسەر و ئەو واقیعەدا نەماوە. بە مانایەکی دیکە، هەموو تەعبیرکردنێک لە خودی خۆیشی، هەر تەعبیرە لەو واقیعە چەسپاوە. لێرەوەیە ئەو نووسەرە ئیشی بە داهێنانی زمان نامێنێت، کە گرنگترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە نهێنییەکانی مێژوو. ئەمە هۆیەکە لەو هۆیانەی، کە وای کردووە تێکستەکان ئەوەندە لە یەک بچن، چونکە وەک گوتمان هەموو خودەکان لەناو ئەو واقیعەدا بوونەتە یەک خودی هاوبەش. گوتیشمان ئەو واقیعە پێناسە کراوە و لەلایەن ئایدیۆلۆجیاوە سنووردارەکانی بۆ کشراون. لە تێوانینی ئەریستۆوە

مژوو خی ناتەواوە، چونکە بەشێک لە واقیع دەردەخات، نەوەک هەمووی. بەم شێوەیە ئەو مامەڵە میکانیکییەی نووسەری ئەمە لەگەڵ ووداو، هەر لە بنەڕەتەوە مامەڵەیەکی دروست نییە و ناتوانێت هیچ نهێنییەک لە مژوو دەربخات.
تاکە ڕێگەی ئەو نووسەرەمان بۆ هێنانەوەی ئەنفال وەکوو ووداوێکی مژووییە، تەنیا تراجیدیایە. تراجیدیا بۆ مانا میللییەکی، نەوەک بۆ مانا فەلسەفییەکی. بەمەیش لە لایەک سنوورێکی تەسک بۆ خەیاڵ دادەنێت و لە لایەکی دیکەیش هەموو جیاوازییەکان لەنێوان ئەنفالی فاکتوال و ئەنفالی هونەریدا دەسڕێتەوە. لێرەوە نووسین نابێتە پرسێک بۆ تێکشکانی واقیع، چونکە هەگری هیچ دژایەتییەکی واقیع نییە، بەڵکوو هەر خۆی دەبێتەوە بەشێکی جیانەکراوەی ئەو واقیعە. هەر ئەمەیش دیسان پێوەندیی بە ئایدیۆلۆجیاوە هەیە، چونکە ئایدیۆلۆجیا بەپێی ئەرکەکانی خۆی سیمای واقیع پیشان دەدات.
سەردەمێک ئەو واقیعە بە شێوەیەکی زۆر تاریک دەردەخات، بەو مەبەستەی کەمەگا بخاتە حاڵەتێکی نیگەرانەوە و داوای خێراترین چارەسەری لێ بکات. هەر ئەو ئایدیۆلۆجیایە لە سەردەمێکی دیکەدا ئەم سیما پەشۆییەی واقیع بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە پیشان دەدات، بە ئادەیەک وای دەردەخات هەر بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە خۆی و هەر گۆڕانکارییەک، کە بەبێ ئەو بکرێت، جارێکی دیکە ئەو کەمەگایە بەرەو وێرانی دەباتەوە. ئەگەر لە جیاتیی ئەنفال هەر ووداوێکی دیکەیش دابنێین، ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. مەبەستمانە بڵێین ئەو نووسەرە لە ڕێگەی تراجیدیایەکی هەژارانەوە، کە تەنیا پشت بە یادەوەری و بینینێکی ووکەش دەبەستێت، نەک بە تێوانینێکی ڕەخنەگرانە، بۆ ناو مژوو دەگەڕێتەوە. لەوێشەوە مژدەی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرمان دەداتێ.
سەرنج دەدەین تێوانین و ئیشکردنی ئەو نووسەرە هەمان تێوانین و ئیشکردنی ئایدیۆلۆجیایە. ئەو نووسەرە بە هەمان زەمەنی فیزیکی بۆ ناو مژوو دەگەڕێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا دەبێت زەمەنێکی پێچەوانە بخوێنێت، کە ئەمەیان خۆی لە کۆمەڵێک تەکنیک و فۆڕمی هونەریدا دەبینێتەوە. لێرە جارێکی دیکەیش هەست بە پاشکەیەتیی ئەدەب دەکەین، چونکە ئەمە لاسایکردنەوەی کتومتی ئایدیۆلۆجیایە، کە هەمیشە خێراترین ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ لێکدانەوەی واقیع. لێرەیشەوەیە ووداو تەنیا لە ئاستی هەقایەتدا دەمێنێتەوە و ناگاتە ئاستی چیرۆک، کە هەر یەکەیان خاوەنی زەمەنی خۆیانن و لای ئەمە تەکەی یەکتر کراون. من پێشتریش لەم بارەیەوە گوتوومە، گەانەوەی ئەمە بۆ ناو مژوو زۆر جار گەانەوەیەکی

نەستالژییانەیە، نەوەک دڵقانە. گەانەوەیەکە پەە لە سەز و میهرەبانی، بەیە ناتوانین مژوویەکی جیاواز لەو مژووە فەرمییە بخوەقنین. ئەو گەانەوەیە هەگری چاوەکە، کە هەموو ابردوو بە پیرز دەبینت، بگرە زر جار ئەو نووسەرە هەر خودی نووسین بە شتەکی گاو دەزانت و گای نادات بەب پاککردنەوە لە گومان و پرسیارە بەدەکان بچتە ناو هەندەک زنەوە، کە لای ئەو پیرزن و بە تابوو دادەنرن. ئەو تەماهیکردنە لەگەە مژوو ئەدەبی نووسراوی ئمەی کردووتە پاشکی ئەدەبی زارەکی. بەکورتی تکای ئەرکی ئەو نووسەرە لەوەدا کە دەبتەوە، کە پمان بت ووداوەک هەیە بە ناوی ئەنفال، ووداوەکی دیکە هەیە بە ناوی هەرەس، ووداوەکی دیکیش هەیە بە ناوی کەەو. ئەگەر بمانەوت ئەو پەسسە بە زمانی ئەلیکترنی بنووسینەوە، ئاوای لێ دت: نووسەر کپییەک لە لینکی واقیع وەردەگرت و بمانی پەیست دەکات. لرە ناکرت نەەین ئەو نووسەرە تنیا کاتک دەزانت لە کمەگادا چەوسانەوە هەیە، کە زمان زر ئاسان و شەفاف دەکرتەوە و شتەکان لە شوەی کمەەک ئایکندا دەردەخرن.
ئەگەر ئمە پ لەسەر ئەوە دابگرین، کە زمانی ئەدەبیمان بووەتە پاشکی زمانی سیاسەت، ئەو دەب بزانین ئاست و مەودای زمانی سیاسەتمان چنە، بەو مەبەستەی بزانین سەرچاوەی ئەو نووسەرە ئەدەبییە چەند هەژارە. من پم وایە ئەو زمانەی سیاسەت ئەگەر هەر بە پوەرەکانی سیاسەت خیشیەوە لک بدەینەوە، هەر زمانکی لاوازە. زمانکە تنیا لە سنووری ناسینەوەی لایەنگر و دەستنیشانکردنی دوژمندا بە کار هاتووە. هندەی ئمە لە دوای ئەنفالەوە سەرنجمان لە ئەدەبی خمان داوە، هەر ئەوەمان ب دەرکەوتووە، کە ئەوەی لە پشت ئەو ئەدەبەوەیە ئایدیلجیایەکی هەژارە، نەوەک فکری خنیی و فەلسەفە. ئەوەی ناهەەت ئەنفال و هەر ووداوەکی دیکەی مژووی بسونەوە، ئەو گوتار و لکەەینەوانەن، کە لە گڤار و ەژنامەکاندا باو دەکرنەوە و باس لە گەورەیی ئەو تکستانە دەکەن، ئەو تکستانەی ئنفال و ووداوەکانی دیکەی مژوویان وەک خی گوزاوەتوە. هەتا ئەمەیش لکەینەوەی ئمە هەموو جوانییەکانی تکستکە لەوەدا کە دەکاتەوە، کە پیەتی لە ئش و ئازار. ئازار ب مانا میللییەکی، نەوەک ب مانا فلسفییەکی. لرەوەیە من باوەم نییە، کە مەسەلەکە تنیا نەبوونی تەوانینی قووە بت بە خوندنەوەی واقیع، بکوو بە پلەی یەکەم نەبوونی شوازکی جیاواز و سەربەخی هەر نووسەرکی ئەدەبییە. ئەگەر ئەنفال لە واقیعدا کمەگای ئمەی تک شکاندبت، ئەو لەناو نووسیندا بەردەوام ئیستاتیکامانی شواندووە.

http://www.dengekan.com/doc/2007/4/anfal2007/karwan_kakaSwr.pdf

---

ڕۆی جاش لە ئەنفالدا.. عەلی مەحمود محەمەد

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بە بەشداری سوپای عێراق و هێزە تایبەتەکان و ئەمن و ئیستخباران و ... بە هاوکاری زیاتر لە 366 فەوجی جاش و دەیان مەفرەزە خاسەی جاشی کورد ئەنجامدران. هاشم سوڵتان لە وتەیەکی بەرگریدا لە پرسەی دادگایی ئەنفالدا ژمارەی جاشەکانی بە 250000 کەس دیاریکردووە.
لەسەرجەم ئۆپەراسیۆنەکاندا دیدەرەکان شایەدی ئەوە دەدەن, جاشەکان لە هەموو ئۆپەراسیۆنەکان پێش سوپا کەوتوونە, زۆرینەی خەڵکەکە بە چاوساغی و درێی ئەوان دەستگیرکراون, بە پێی بەڵگەنامەکان هیچ فەوج و مەفرەزەی تایبەتی جاش نییە, بەشداری چەند پرسەیەکی ئەنفالیان نەکردبێت, لە ماوەی ئەنفالدا بەشدار نەبووبێت, یاخود هاوکات لە گەڵ بەشداری لەو کات و شوێنەدا ئەرکیان پێ نەسپێردرابێت.

بۆچی جاشەکان هەموو تاوانباری بەشداری ئەنفالن؟

لە ڕێکەوتی 8-9-1987 بە نووسراوی ژمارە 5731ی بیرێی باکووری پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی, بڕیار درا تەنها 50%ی پێکهاتەی فەوجە خەفیفەکان لە بارەگا جێگیرەکانیان و رەبایەکان بمێننەوە, ئەوی دی بەکار بهێنرێن بۆ پەلاماری گوندە قەدەغەکراوەکان, بۆ ئەوەی پەلاماری پێشمەرگەو دانیشتووانە سڤیلەکەی بدەن, لە هێرشەکاندا پێش سوپا کەوتن, بەشداریان کرد لە پەلاماری هاووڵاتیانی سڤیلی لادێ نشین, خانووی هاووڵاتیانیان ڕوخاند, مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانەیان وێران کرد, لە تاڵانیش دەستیان نەپاراست, بڕیاری 4008یش لەو بارەوە ئازادیانی کرد لە تاڵانکردن. واتا بەردەوام چارەکی کۆی ژمارەی فەوجە خەفیفەکان لە ماوەی ئەو 364 ڕۆژەدا لە ئەرکدا بوون لە پانتایی جوگرافیای کوردستان, وەک

چارەکێکی زیاتری دیکەیان بەردەوام لە بارەگاو رەبایەکاندا پارێزگاری حکومەتیان دەکرد و رێگاگانیان دەپاراست و بەسەیان دادەنایەوە لەسەر رێگاکان بۆ پشمەرگەو هاووڵاتیان, دەیان و سەدان تاوانی جەرگبڕیان لەو بۆسانە ئەنجامدا. لە تەواوی پرسەی ئەنفالەکان و قۆناغەکانیەوە, سەرەتا جاشەکان چونەتە گوندەکان و هەڵەت و شیو دڕێ و ناو ئەشکەوتەکان و سەر چیاکان دواتر سوپا, بەمەش دەردەکەوێت تەواوی فەوجە جاشەکان لە پرسەی ئەنفالدا لانی کەم چەندین جار بەشداریییان کردووە لە تاوانەکەو هاوپشکن لە تاواندا تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی جینۆسایدی, ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال نووسرابێت یان نا.
تەنانەت منداڵانیان چەکدار دەکرد بۆ موچەکانیان, لەو ئاستەدا ژمارەیەکی زۆریشیانیان بە کوشتدا, ئەمەش تاوانێکی دیکەیانە لە پاڵ تاوانی بەشداری لە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال.

پشکی جاش لە جێبەجێکردنی بڕیاری 4008

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا زۆربەی دەستکەوتەکان کە بەدەست دەهێنران لە سەروەت و سامان بۆ فەوجی جاشەکان و هێزەکانی حکومەتی عێراقی بوون بە پێی بڕیارەکە, هێزەکان عێراق بە تەواوی دەستکراوە کران بۆ فەرهودو تاڵانی, بە تایبەت فەوجەکانی جاش.
خاڵی حەوت لە بڕیاری 4008, جاشەکانی سەرپشك کرد لە تاڵانکردن" هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت, تەنها چەکە قورسەکان و چەکی پشتیوانی و چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆ خۆیان دەبێت, ئەمەی لێ ئاگادار بکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لەسەر فەرماندەی جحافلەکان چالاك بن و بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکان و مەفرەزەکانیان, وە بە وردی ئەمە ئاگادار بکرێنەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی".

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك 70 فەوجی جاش جگە لە مەفرەزە خاسەکان بەشداربوون, ئەنفالی دوو 77 فەوجی جاش, ئەنفالی سێ 70 فەوجی جاش, ئەنفالی چوار 55 فەوجی جاش, ئەنفالی 5 و 6 و 7 چل و پێنج فەوجی جاش بەشداریییان کرد.
هەرچەندە ئەنفالی 1 و دوو و چوارو هەشت بە ئۆپەراسیۆنی سوپا ناوزەد کراوە, سێ و پێنج و شەش و حەوت بە ئۆپەراسیۆنی جاش و هێزە ناوچەییەکان , بەڵام لە ئەنفالی هەشتدا لانی کەم 163 فەوجی جاشی خەفیفە کۆی گشتی65,375جاش بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەیان کردووە.

بە پێی بەڵگەنامەیەك بە واژۆی سەرکردەی ئۆپەراسیۆن لیوا روکن یوسف محەمەد ئەلزەرب, فەرماندەی لەشکری پێنج لەجۆری (ئەو پەڕە نهێنی و تایبەت) بە ژمارە (ح2 2422) لە (25 ك. 1. 1988) بۆ فەرماندەیی گشتی سوپای ناردووە, دیاریکردووە لەو شاوە 13553 کەس دەستگیرکراون, کە " 893 کەسیان تۆکەرن"پێشمەرگە", 737 کەسیان تۆکەری خۆ بەدەستەوە دەر, 1489 پیاو, 3373 ژن, 6964 منداڵ" بوونە. هاوکات لە راپۆرتەکە ستایشی ڕۆڵی فەوجە خەفیفەکانی کردووە کە لە هەموو قۆناغەکانەوە پێش کەرتەکانی سوپا کەوتوونە, بەشداری ڕوخاندنی لادێکان و تاڵانیەکانیان کردووە.
جاشەکان سەرباری ئەوەی ڕاستەوخۆ لە کردە سەربازییەکان پێش سوپا کەوتونە و بەهۆی شارەزایی و پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکانیانەوە هۆکاری گرتنی زۆرینەی خەڵك بوونە, هاوکات لە ڕۆگای ئەوانیشەوە خەڵکێکی زۆر تەسلیم بوونەتەوە کە زۆرینەیان پیاوی گەنج و زۆریان چەکدار بوونە, واتا لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و کاتی ئاسایيدا ڕۆڵی خۆیان لە ئەنفالکردنی خەڵکدا گێڕاوە.
جاری واش ڕەك کەوتووە لە پرسەی ئەنفالدا جاشەکان ڕۆڵی پێزەتیفیان گێڕاوە وەك لە ئامریەی سەربازگەی تەق تەق بە هاوکاری جاشەکان هەندێکیان ئازاد کراون لە چەمچەماڵ و دوزیش جاشەکان هەندێکی دیکەیان ئازاد کردووە, تاك و تەرا لێرەو لەوێش جاشەکان ژن و منداڵیان لە زۆر جێگا بەهۆی خزمایەتیەوە بەرداوە .

دادگایی کردن

لە پرسەی دادگاییەکەی دەسییەی ئەنفال حەوت تۆمەتبار وەك تۆمەتباری سەرەکی دادگاییکران, وە 42 تۆمەتباریش لە هەنگاوی یەکەمدا دیاریکرابوون بۆ دادگاییکردن لێ ئامادە نەبوون وەك لە دوو نامەی دادگای باڵای تاوانەکاندا ناویان هاتووە " بە پێی نووسراوی ف2 1445 ڕێکەوتی 18-12-2005 ی دادگای باڵای تاوانەکان, بۆیاری گرتن بۆ 24 کەس دەرچوو, کە بریتی بوون لە" نزار خەزرەجی, یونس ئەلدرب, ئەیاد خەلیل زەکی 89-اللوائ الرکن (ایاد خلیل زکی) قائد ق ق جج /د و /, ڕەمزی مەحمود 92-اللوائ الرکن (رمزی محمود عبداللە) قائد فق مش /33, سەعید مەحمود باریکە, قاسم دەیی 216-قاسم رشید درێیی , معتەسەم بەرزنجی, یاسین ڕەئوف, تەحسین شاویس, قاسم ئاغای کۆیە, بایز عەبدالڕەحمان, عەلی ئەحمەد ڕەشید, نیعمە فارس 86-الفریق الرکن (نعمە فارس حسین) معاون رئیس ارکان الجیش للتدریب
, حەمید شەعبان, نەجم عەبدوڵا دوری, عیسمەت سابیر 94-اللوائ

الركن (عصمت صابر عمر) قائد فق /4 ,عەدنان جەباری 179-سعید عدنان جباری, جیهان موسا, رەفعەت گلی شمال رفعت کلی امر سریە , عوسمان شێخ سەعید, شێرزاد ساڵەح, تۆفیق جەبار قارەمان 159-توفیق جبار قارمان، حوسێن شێخ سەعید, حەسیب حەمە ئینجە".
هەروەها "لە رێکەوتی 21-12-2005, بە پێی نوسراوی دادگای باڵای تاوانەکان ژمارە ف2 1474, داوای ناوی سیانی و ناونیشانی 18 تاوانبار دەکات کە بریتین لە" سەعید مەحمود باریکە, عەدنان جەباری, شێخ رەئوف, شێخ جەعفەر 164-جعفر عبدالکریم البرزنجی محافز السلیمانیە, شێخ رەمەزان, قاسم دەیی, جیهان موسا, معتەسەم بەرزنجی, رەفعەت گلی, یاسین رەئوف, غەسان شێخ سەعید, تەحسین شاوەیس 409-تحسین شاویس سعید , شێرزاد ساڵەح, قاسم ئاغای کۆیە 115-المستشار (قاسم فارس تاهر مصتفی اغا) ف د و /, تۆفیق جەبار قارەمان, بایز عەبدالڕەحمان, حوسێن شێخ سەعید, عەلی ئەحمەد رەشید, حوسێن حەمە ئینجە".
-نزار خەزرەجی, کە بە وتەی خۆی راستەوخۆ فەرماندەیی ئەنفالەکانی 1 , 2, 4 , 8ی کردووە ناوی لە لیستەکەدا نییە, وە 25 کەس لە کۆی 42 کەسە داواکراوەکە ناویان لە لیستی تۆمەتباران نییە کە 21 یان کوردن و راستەوخۆش کەسوکاری قوربانیان لەمانەو زۆری دیکە سکاڵایان لە دژیان تۆمارکردووە, کاتی خۆی پێش دادگای باڵای تاوانەکان لیستەکەیانم بۆاو کردەوە.

زۆرینەی تاوانبارانی ئەنفال کوردن

لیستی 423 کەسەکەی تۆمەتبارانی دووەمی ئەنفال بە تایبەت کوردە جاشەکان لە سەر بنچینەی ئەو بەڵگەنامانەی دەست کەوتن لە بەشداریان لە پرسەکە نموونە 163یان لە ئەنفالی 8, 77یان لە ئەنفالی یەك و دوو کە نیشانەی ئازایەتیان وەرگرت, وە هەندێك بۆیاری دیکەی وەرگرتنی نیشانەی ئازایەتی دیاریکراون, وەك بینیمان 21 کەس کە راستەوخۆ کەسوکاری قوربانیان سکاڵایان لەسەریان تۆمار کردووە, ناویان لە لیستەکە هەر نییە, سەرباری زۆر ناوی دیکە سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە, بەڵام دواتر بە هۆکاری نەزانراو ناویان نەچۆتە لیستەکەوە.
وە کەسانێکی زۆریش هەن لە میانی پرسەی ئەنفالدا تاوانی قڕەونیان ئەنجامداوە کەچی بەهۆی نەبوونی هۆشیاریەوە کەسوکاری قوربانیان سکاڵایان لە دژیان تۆمار نەکردووە.
ئەگەر کوردەکان تەنها ئەو 258 کەسە بن لە کۆی لیستە 423 کەسییەکە ئەوا 60,9%ی تۆمەتباران دیاریدەکەن, کە زۆری دیکە لە لیستەکەدا

هەن, وەرای لیستە 21 کەسییە داواکراوییەکەی خولی یەکەم و ئەوانەی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە لە لایەن قوربانیانەوە نەخرانە هیچ لیستێکەوەو ئەوانەشی سکاڵایان لە دژیان هەر تۆمار نەکرا.
کەواتە ئەگەر ئەنفال بڕیارەکەی لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە درابێت , ئەوا جێبەجێکارەکەی بەشوەی گشتی جاشی کوردن, ئێستا هەموو لە سزا نەك رزگاریان بووە, بگرە کەوتوونەتە بەر پاداشتی دەسەڵاتی کوردی.

بۆچی دادگایی ناکرێن؟
بە بەهانەی لێبوردنی گشتی بەرەی کوردستانییەوە تۆمەتبارانی ئەنفال هەموو لە سزاو لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتی رزگاریان بووە, لێبوردن ئەوانەشی گرتەوەوە تا دوای 2003 لە بەغدا بوون, لە کاتێك تاوانی ئەوان گلانە بە تاوانی جینۆسایدو تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی, لێبوردن ئەو جۆرە تاوانانە ناگرێتەوە, گوایە ڕێگا دراوە لە ڕێگای مافە کەسییەکانەوە قوربانیان سکاڵا تۆمار بکەن, بەڵام ئەمە ڕاست نییە هەموو دەزگاکانی حکومەت لە بەردەم سکاڵای کەسوکاری قوربانیان داخراوە, بە فەرمی سکاڵامان لە داواکاری گشتی ڕەتکراوەتەوە, دەسەڵاتی باڵای کوردستان فەرمانیان داوە ئەم کەیسە نەجوڵێنرێت, هیچ سکاڵایەك لە دژی تاوانبارانی ئەنفال نەجوڵێنرێت.

بسم الله الرحمن الرحيم

المحكمة الجنائية العراقية العليا 9099
قضاة التحقيق

العـــدد: ق٢/ ١٤٧٤
التاريخ:١٧/ ١٢/ ٢٠٠٥

الى/ مكتب المحكمة / السليمانية
م/ معلومات

تنفيذا لمل جاء بقرار هذه المحكمة بتاريخ ٢٠٠٥/١٢/٨
يرجى تزويدنا بالاسم الثلاثي واللقب والعنوان للمتهمين المدرجة اسماتهم ادناه وذلك لامور تحقيقية مع التقدير.

القاضي
راند جوحي
رئيس قضاة التحقيق

الاسمـــاء

١.سعيد محمود باربك
٢.عدنان عبدالله جباري
٣.شيخ رؤوف
٤.شيخ جعفر
٥. شيخ رمضان
٦.قاسم دره ى
٧.جهان موسى
٨.معتصم محمد البرزنجي
٩.رافت كلي
١٠.ياسين روؤف
١١.غسان شيخ سعيد
١٢.تحسين شاوس
١٣.شيرزاد صالح
١٤.قاسم اغا كوي
١٥.توفيق جبار قارمان
١٦.بايز عبد الرحمن
١٧.حسين شيخ سعيد
١٨.علي احمد رشيد
١٩.حيسن حمة انجة

Iraqi high Tribunal
Investigation Judges
Baghdad , Iraq

9101

المحكمة الجنائية العراقية العليا
قضاة التحقيق
بغداد – العراق

No
Date

العدد ق/ت/١٤٤٥
التاريخ ٢٠٠٥/١٢/٨

الى / وزارة الداخلية / الجنائية والحركات

م / تعميم امر قبض

تنفيذاً لقرار قاضي التحقيق المحترم بتاريخ ٢٠٠٥/١٢/٨.

تعميم امر القبض الصادر بحق المتهمين المدرجه أسمائهم ادناه لصدور امر قبض بحقهم وفق المادة (١٢) من قانون المحكمة الجنائية العراقية العليا ونرفق طياً مذكرات القبض الصادرة بحقهم للتفضل بالاطلاع وتعميم اوامر القبض الصادرة بحقهم واعلامنا مع الاحترام والتقدير .

المحقق الاقدم

٠٠٣٣١٧

اسمـــــاء المتهميـــن

ت	اسم المتهم	ت	اسم المتهم
١	نزار عبد الكريم الخزرجي	١٣	نعمة فارس
٢	يونس الذرب	١٤	حميد شعبان
٣	اياد خليل زكي	١٥	نجم عبد الله الدوري
٤	رمزي محمود	١٦	عصمت صابر
٥	سعيد محمود باربك	١٧	عدنان عبد الله جباري
٦	قاسم دره ي	١٨	جهان موسى
٧	معتصم محمد البرزنجي	١٩	رأفت كلي
٨	ياسين رؤوف	٢٠	عثمان شيخ سعيد

9102

٩	محسين شاوس	٢١	شيرزاد صالح
١٠	قاسم اغاكوي	٢٢	توفيق جبار قارمان
١١	بايز عبد الرحمن	٢٣	حسين شيخ سعيد
١٢	علي احمد رشيد	٢٤	حسيب حمه انجة

المـــرفـــقـــات

اوامـــر قبـــض عدد (٢٤) .

هێنانەکایەی وانێنکێی نیشتمانی بۆ جینۆسایدی گەلی کورد(ئەنفال).. موحەممەد گەهایی*

لە پرسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دا، (ئەنفال) لە شوبات تا ئەیلولی 1988دا، پرسەیەك کە کاریگەرییەکانی تا ئەمرۆ لە ئاراداان و بۆ دواڕۆژکی دووریش لە هزر و بیری مرۆڤی کورد دا دەمێنتەوە، کە بەتکایی لە هەشت قۆناغی قۆکردنی گەلی کورد لە گەرمەسێر بۆ زۆزانەکانی بادینان چۆکرایەوە و نزیکەی (182000) هەزار کەس لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر پرسەکانی ئەنفال لە بیابانەکانی باشووری عێراق دا زیندە بە چاڵ کران، ئەم پرسە(ئەنفال) دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەمە دووەمین جار بوو کورد بکەوێتە بەر پرسەیەکی داپڵۆسێنەر لە ڕاگواستن تا کوشتن بەتایبەتی لەووی قەبارەی وێرانکاری و کوشتنی کورد، چونکە لە ماوەی 1914-1918 لە کوردستانی سەردەمی عوسمانی دا نزیکەی (700000) هەزار کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیتحاد و تەرەقی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا بە ڕاگواستنی زۆرە ملێ، بەسەربازکردنی زۆرەملێ و جینۆسایدکردن قۆکران، ئەمە دووەمین پرسەی قۆکەری کورد بوو لەسەدەی بیستەمدا.

شایانی باسە؛ لەم ساڵانەی ڕابردوودا لەلایەن چەند توێژەرێکی بەتوانا پرسەکانی ئەنفال لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر کراوە، یەك لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان کە لەلایەن(مامۆستا جەمال مەجید فەرەج)ئەنجامدراوە، بە بەگەنامەی فەرمی حکومەتی بەعسی ووخاو(1968-2003) سەلماندوویەتیی کە پرسەکانی ئەنفال تەنها هەشت پرسە نەبوونە، بەکو نۆ پرسەی قۆکەر بوونە، کە پرسەی نۆیەم ناوچەی سۆ گۆشەی سنووری لەنوان ئاب-ئەیلولی 1988دا گرتەوە، بۆیە وێڕای دەستخۆشیم بۆ ئەم توێژەرە، خۆشبەختانە لە بەشی مێژووی فاکەتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران، لە ڕۆژی 19ی کانوونی یەکەمی 2022 سەمینارێکی سەرهێڵی(ئۆنلاین)ی بۆ ناوبراو ڕێکخرا و بەشێوەیەکی زانستی بەگە و ئەرگیومێنتەکانی بۆ ئامادەبووان خستەوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نۆ پرسەی ئەنفال بە

بەگەنامەی مێژوویی سەلمێندراوە، بەپام جگەی خۆیەتی ئاوەکیش لە پرسەکانی جینۆسایدکردن لەماوەی 1988-1991 بدرێتەوە، بەتایبەتی لە کاتی گەپانەوەی حکومەتی بەعسی ووخاو لە کۆتایی ئاداری 1991 بۆ شارەکانی کوردستان بەتایبەتی هەولێر، کەرکوك، سلێمانی و دهۆك، کە خەڵکێکی زۆری جینۆسایدکرد، کە تا ئەمرۆ چارەنووسی ئەم کەسانە یەکلاینەکراوەتەوە و نەخراونەتە چوارچێوەی پرسەکانی جینۆسایدکردنی کورد لە کوردستان دا.
لەماوەی ئەم سی و پێنج ساڵەی ڕابردوودا، کە یادی پرسەکانی جینۆسایدکردنی کورد(ئەنفال) کراوەتەوە، زیاتر لە ڕوانینێکی سۆزداری و بیرەنانەوەی قوربانیان و بەڕێن پێدان بە کەسوکاری قوربانیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ئەمە تا ئێرە نواندنی بچووکترین وەفا و خزمەتگوزارییە بۆ قوربانیەکانی پرسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد(ئەنفال) لە باشووری کوردستان دا، بەپام دەبێت ئەم کارەساتە لە ڕشتنی فرمێسکی خەماوی بۆ هیوابوون و بنیاتنانەوەی ئایندە لەهەموو ئاستەکاندا هەنگاو بهاوێت..بۆیە گرینگە لە هەنگاوی یەکەمدا یادی ئەنفال لەم چوارچێوەیەدا دەربهێنرێت، چونکە پرسەی ئەنفال لە بنەڕەتدا پڕسەی قڕکردنی گەلی کورد بەشێوەیەکی ڕێکخراو، کە ئایدۆلۆژیای بەعسی عروبی، دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەشداریەکی کارای ئەم پرسەیە بوون، کە بەرنامەیەکی تایبەتی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بوو.
لەم قۆناغە مێژووییەدا، پێویستە پرسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد(ئەنفال) لەو چوارچێوەیە مرۆیی و سۆزداریەی دانراوە، بەهاوتەریب پرسەیەکی نیشتمانی سەرانسەر لە باشووری کوردستان دەستپێبکات بۆ لێکۆڵینەوەکردن، تۆمارکردن و باوکردنەوەی ژیانی قوربانیەکان بە زمانە زیندووەکانی جیهان، دروستکردنی مۆزەخانەی دیجیتاڵی بەزمانە زیندووەکان لەشارەکانی کوردستان، ناچارکردنی کۆمپانیاکانی گەشتوگوزاری لەناوخۆی کوردستان لە ڕێبەری و بەرنامەکانیان دا باسی ئەم پڕسە بکەن و مەرجێك بێت لە مەرجەکانی مۆڵەتپێدان و نوێکردنەوەی ساڵانەیان، دروستکردنی دراما، فیلمی سینەمایی و ڤیدیۆی ئەنیمەیش لە سەر تەوەکانی کۆمەڵایەتیی بۆ هەموو ئاستەکانی تەمەن، نووسین و باوکردنەوەی چیرۆك و ڕۆمان بە زمانی کوردی و زمانە زیندووەکانی جیهان بۆ هەموو ئاستەکانی تەمەن، کردنەوەی بەشی زانستی و ناوەندی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەرجەم سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکانی کوردستان دا تایبەت بە (جینۆساید)، ئاگەیاندنی یارمەتی دارایی(فەند) بۆ توێژەران لە لایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی

خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کوردستان دا، ئەنجامدانی کۆنفرانسی هاوبەشی سانەی زانکۆکان لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ پرسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد..بە ئەنجامدانی و بەجێهێنانی ئەم ئاسپاردە زانستی، هونەری، ئەدەبی و گەشتوگوزاری، ئاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەتی سیاسیەت و دیپلۆماتییەتی کورد لە ناوەندە کاریگەرەکانی جیهان دا، دەبێت ئەو هەست و سۆزەی ناو ناخی خۆمان(وەك کورد) بگوێزینەوە بۆ هەست و ناخی ئەوانی دیکە(غەیری کورد لە جیهان)دا، کە لە ئەنجامدا دەبێتە چەترێکی مرۆیی و دیپلۆماتیی بۆ کورد، کورد دەتوانێت ئەمە بکاتە پرسەیەك لە ناوەندە کاریگەرەکانی جیهان بەناونیشانی(دیپلۆماتییەتی جینۆساید).

بۆیە هیوادارم لە نووسینی ئەم چەمك و زاراوەیەدا (دیپلۆماتییەتی جینۆساید) سەرکەوتووبووم و بۆ جاری یەکەمینە لە نووسینێکی وادا بەکاریدەهێنم، بۆیە ئەمە دەبێتە هەی لە دایکبوونی ڕوانینێکی نیشتمانیی بۆ پرسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەتایبەتی(ئەنفال)، کە پاپشتیکراو دەبێت بە لێکۆڵینەوەکانی ناوەندەکانی زانستیی و بەرهەمە بەرز و باڵاکانی هونەری و ئەدەبی کوردی و جیهانی، چونکە تەنها قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی و ماددی بۆ قوربانیانی ئەنفال بۆیاری کۆتایی نییە، بەکو قەرەبووکردنەوەی مۆژوویی بۆ گەلی کورد(دامەزراندنی دەوڵەتێك بەناوی کوردستان)، گەاندنەوەی ئیعتباری ئینسانی و یەکسانی وەك گەلانی تری جیهان، پارێزگاریکردن لە مافەکانی گەلی کورد و دووبارە نەبوونەوەی پرسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەوانە(ئەنفال) لە جیهانی نوێ دا، چارەسەری بنەڕەتی و پێدانی گەرەنتییە لەسەر گۆی زەوی بۆ گەلێکی مەزن کە تا ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە و پێشی ڕەوا نابینرێت..!

*ماموستا لە بەشی مۆژووی فاکەتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.

نامەی سپیدە قلیان لە زیندانی

ئەوینەوە بە وتەبژی دەستەاتی دادوەری

قوربانیمان نەداوە بە ئاوەی سازش بکەین!

"بە ناوی خودای پاکژینەوە"

تەنیا چوار کاتژمێر بەسەر دەرچوونەدەرەوەم لە زیندانی ئەوین تێپەی بوو و تەنیا چوار کاتژمێر شاهیدی شەقامی دوای "ژن، ژیان، ئازادی" بووم. تەنانەت نیوەی ڕۆگای بەرەو ماڵەوە چونیشم نەبەی بوو کە لەسەر ڕێگا دەستگیرکرام و ڕەوانەی گرتوخانەی ئەوین زیندانی ژمارە ٢٠٩ کرام. لەم ماوە کورتەدا، لە هیچ بڕگەم سێبرکردن و سووکایەتییەکمبەرانبەرم قوسوریان نەکرد. بە توندی ئەشکەنجەو ئازاریان دام. بە گوتەی خۆیان "کێرکوژیان" کردم. پیاوێک لە ڕاەوی "٢٠٩" هەڕەشەی ئەوەی لێکردم کە دەستدرێژی دەکاتە سەرم. وتی دەست و قاچت دەبەستین و زۆر باش حسابەکەت یەکلایی دەکەینەوە. لەڕاستیدا، ڕەهەندەکانی "وردبینی" لە چەند دە هەزار دەستگیرکراوی بەزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"شدا چ لە ژوورە تاریکەکانی تاوانکانی چوار دەیەی ڕابردودا و چ لە پرسەی دادخوازیدا جگەیەکی تایبەتی هەیە... بەڵام ئەوەی کە ڕوونە: بەڕێنی ئەمەیە، هەشتا لەجێی خۆیدا ماوە. "ئازادی" نادرێت، بەڵکو دەسەنرێت و من، سپیدە قالیان، لەلەسەر ئەو بڕیارەی کە بەخۆکی گیان لەسەر دەستی ئەرانمداوە ماومەتەوە.
من ناەمە دادگایەکی نمایشی بەسەرکایەتی کەسێک کە واژەی حوکمی لەسەدارەدانی شەشگەانی کردووە، هەروەها هیچ ڕەوایەتیەک نە بە دادگا فەرمی و نمایشییەکانیان ، نە بەئەو بەیارانەی دەری دەکەن قایلم، و بە ڕوونی ڕایدەگەینم، تا ئەو کاتەی حکومەتی سەدارەی ئیسلامیی لە دەسەاتدایە و هەتا "دەرکەوتنی بەهاری لەخەبردوەکان" و ئەوانەی نەەزایەتی دەربەدەبەن لە بەرامبەر بە ستەمکاریدا، بارمتەی حکومەتی ئیسلامی وفەرمانی دادگا ڕاسپێردرا و نادادپەروەرن ، بەشداری لەهیچ دادگایەکدا ناکەم... بەهیوای ڕوخانی زوحاکی زەمانە.

سەپیدە قالیان زیندانی ژنانی بەندیخانەی ئەوین
وەرگەانی :کاوە عومەر

جەنگی دووەمی جیهان و کێشەی کورد.. ئامی عزیز

هەڵمەتی تورکیا لە شەڕشی سێیەمی (دەرسیم)لە ساڵی ١٩٣٩ دامرکاندەوە،لە پاش مردنی مستەفا کەمال ئەتاتورک، عیسمەت ئینۆنۆ بەسەرۆک کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا.عیسمەت ئینۆنۆ هەوڵی هەورکردنەوەی بارودۆخی کوردستانی باکووێدا بەڵێ نی چاکسازی بۆ کوردەکاندا بوو بۆ ئاوەژووی شەڕشکان دابمرێنێتەوە.لەبەر هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٣٩ . بۆ لایەنی تورکیا لەم جەنگەدا،پەردەکی ڕەشی و تاریک بە ماوی بیست سال دواتر بەسەر کوردا پێشی ، بەیە بارودۆخکی تاریک ڕەشی بالی بەسەر کوردستانی باکوردا هەڵکێشا ، کوردی باکور لە ژیانکی تاریک ڕەشدا بەسەردەبرد.لە کوردستانی باشور و ڕۆژهەاتدا چەند بزوتنەوەکی کوردی هەوڵی ڕەک خستنەوەی ریزەکانیکوردستان دابوو بۆ ئاوەژووی پەداگری لەسەر مافەکانی گەلی کوردابکەن،لەسەر ئاستی ناوخۆ و نیودەوڵەتیدا.

پەیمانی شەعدئاباد لە ٨ تەموزی ١٩٣٧ لەنێوان عەراق و تورکیا و ئیران و ئەفغانستاندا مۆرکرا،ئەم پەیمانە بەپلەی یەکەم بۆ لەدان بوو لە هەر بزوتنەوەکی کوردی، بەدرێژای مێژووی بۆ چاوەک ڕەگەزپەرەستی تەماشای کوردیان کردووە ئەم پەیمانە بۆ لەناوبردی گەلی کورد بوویە بەنام کورد ئەم فکرە ڕەگەز پەرستیە هەتا هەتا بۆ ئەم دەوڵەتانە لەناو گورناوە چونکە کورد هەچ کاتێک بەم ولاتانە لەناوناچێت .

لەساڵی ١٩٣٨ (کەمالی برایان) بە سەرکاتی شێخ لیتفی کوری شێخ مەحمود حفید سەریهەلداو بۆئامانجی ڕزگارکردنی گەلی کورد و کوردستان بویە.هەر چەند سنوری چالاکیکانی تەنها لە سلێمانی بوو کەمالی دارکەر لە ساڵی ١٩٣٧ لە بەلام زۆری نە خایاند ناوەکی گەردرا بۆ (حیزبی هیوا)، حیزبی هیوا دژی فاشیزم و تەکۆشان و سەرکرداتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی دەکرد.

لەدوای کۆتای هاتنی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٤٥ پرنسیپک نوێ هاتکایاوە لە تورکیا ئاویش گەرانکاری سیاسی بوو لە سیستەمی تاک حیزبی گەرا بۆ سیستەمی فرەحیزبی لەدوای کۆتای هاتنی جەنگی

یەکەمی جیهان چەند حیزبێکی سیاسی هاتنە کایاوە هەکاری سەرهەلدانی فرە حیزبی لە تورکیا ئاوە پەیمانی ئتتانتیک ، دەولەتتەک نەبوو لە جیهان حاشا لە مافەکانی بکات و دان نانێت بە ئازادییە گشتیەکان ، لە داوی سەرهەلدانی فرەحزبی لە وڵاتەکگرتوەکانی بزمانەتی دیموکرات و ئازادی گشتیەکان کەملەی نەتاوە پەرستی تورک خاوەن بیروبۆچونە ئاینیەکان سەرتا هەولیاندا حزبێکی ئۆپزیسیۆن لە تورکیادا دابمەزرێنن لە ١٨ تەموزی ساڵی ١٩٤٥ حوکومەتی رازی بوو بە دامەزراندنی (حیزبی ژیانەوەی نەتاوەی) ئەم حیزبە بانگەشەی دەکرد بە هەلبژاردنی راستەوخۆی سەرۆک کۆمار و سیستەمی بازرگانی راستەوخۆ و پێروکردنی سیاسەت رژەهەلاتیو دژایەتی کردنی گەلی کورد.
حیزبی دیموکراتی تورکیا لە کانوونی دووەمی سالی ١٩٥٤ لە ئەنکەرە دامەزرا هەر ئەم پارتە بە هەی زانگۆک دەیان پارت سەرهەلبدەن ،چەند حیزبێک سەریان هەلدا:
١-حیزبی لادی تورکیا :لە ١٩ ئابی ١٩٤٦ دامەزرا ،کاروچالاکی سیاسیەکانی ئەم حیزبە لە ئەستەمبەل بوو، بەلام زۆری نەخایاند دەرگای ئەم حیزبیان داخیست .
٢- حیزبی سوسیالیستی تورک: بەل حیزبە زیاتر لە (٥) دامەزان، ئەم حیزبە لە ١٤ ئایاری سالی ١٩٤٦ دامەزارا . ئەم حیزبە بە پروپاگەندەکردن بە کۆمونیسی تەماتبات کرا لەسالی ١٩٥٤ دەرگای ئەم حیزبەش داخرا .
٣-پارتی شیوعی نهینی تورکیا :ئەم پارتە بە درژەپێدەری ئاو سیوعییە تورکییە دادنرێت کە لەسالی ١٩٢٢ دامەزرابوو کوردەکان رژێمکی زۆریان ئەندام بوون لەم پارتەدا، هەر چەندە حیزبی گەل لە هەلبژاردنی سالی ١٩٤٦ پارتی گەل توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن هەلبژاردنی ساڵی ١٩٥٠ پارتی گەلی کۆماری عیسمت ئینۆنۆ بەم سەر کەوتنە دیسان سیستەمی دیکتاتۆری تاک حیزبی لە تورکیا بە ماوەیەک سۆری هەلدایەوە لەم ماوەیەدا ئازادی رژنامەگەری فراهەمکرا بوو هەی دەرکەوتنی چەند پارتێک ئۆپزیسیۆن هەروەها پارتی گەل کۆمار چەند یاسایک دەرکردبوو لەوانە نابە بانگ بە عەرەبی بدرێت دەبێت بانگ بە تورکی بدرێت ، پارتی دیموکرات وچەرخانێک سیاسی پشکەوتوخوازی نەبوو، بەڵام گرانکاری تەواوی لە سیستەمی سیاسای تورکیادا کرد .
لە سالی ١٩٤٦ لەکاتی راگەیاندی کۆماری ماهاباد راگەیندرا ،دەستکەوتێک باش بوو بە کوردو گەلی کوردستان هەروەها خۆنی کوردی وەدیهێنا بە درژای خەبات و تێکۆشانی لە ماوەی سێ هەزار سالەی رابردوو. بەلام تەمەنی ئەم کۆمارە تەنها ١١ مانگ بوو لەدوای ١١

مانگ ئەم کەمارە لە ناودەردرێت سەرکردەی کورد قازی محمد هەفالانی لە سێدارە دەدرێن، ناهامەتی جارێک تر بال بەسەر بزوتنەوە کوردی دەکێشێک ئەم نەهامەتیانە وا لە کورد کرد جارێکی تر پەنا بەرنە بەر چیاکانی و ئۆشکۆتەکان لەم ساتەوە کورد هەناسەێک ساردی هەلدەمێژی بەهەی برسیەتی و نەخۆشییەوە دەی نالاند ،لە سالی ١٩٤٦ پارتێکی سیاسی سەری هەڵدا بە تێکۆشان ئەم پاستە سیاسیە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ، سەرکردەی پاری دیموکراتی کوردستان ، مەلا مستەفا بارزانی هەڤالانی پەنایان بردە بە یەکەتی سۆفیەت بە زیاتر نکەلیکردن لە پرسی کورد و کوردستان ،لە باکوری کوردستان کورد نەهامەتی بەسەیدا کەشابوو لە بەر ئەوەی تورکی فاشیست کوردی لە شۆنی خەی راگواستیبووە بە شۆنەکانی تر هەندەک لە کوردەکان پەنایان بەردووە بەر چیاکان و هەندەک گواستراباونەوە بە بە ئەستەمبەلی ، لە رەژئاوای ئەنادەل ژیانیان بەسەر دەبرد. بەمەش بەهەی شەر و جەنگەوە ناوچە کوردیەکان تا ماوەێک هەر بە چەلی مانەوە .پارتی دیموکراتی تورکیا داوای لە لایەنە تورکیا کرد کە کوردەکان نیشتەجە شۆنەکانی نیشجیان بکەن لە سالی ١٩٤٨ ، ئەم پارتە تورکیای ناچار کرد کوردەکان لە زستانی ١٩٤٨ کوردەکان بگەرێنتەوە شۆنەکانی خیان.

کتێب/ مەرکانێیەک خۆشویستی، ئینجانێیەک لە بنی تێ.. عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ)

بە خوێندنەوەی ئەم نامیلکە شیعرییە کلیکی ئێرە بکە..

Mashkhal_MarkaDownload

ئەرشیفی وتار
ڕۆژنامەوانییەکانم/ ڕەخنی لاوان لە کایەی سیاسییدا.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

بەر لەوەی بەشەوێکی راستەوخۆ بەمە سەر باسی بەشداریی لاوان لە کایەی سیاسەتدا، ئاڕاستەوو دەکەم لە پێشکێدا قسە لەبارەی لاو خۆیەوە بکەین و لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە خودی لاو بەوانین. لە واقیعدا لاو تەنیا ئەو کائین و بوونەوەرە نییە جیاوازییە فسیۆلۆژییەکان لە پیری جیا دەکەنەوە، بەڵکو لاو سەرباری جیاوازییە فیزیکییەکەی لەگەڵ پیردا هەڵگری دنیابینی و عەقڵیەت و تەوانینکی جیاواز و نوێخوازانەیە بە ژیان و شتەکانی دەوروبەری. ئەمە کاتێک دەتوانین لافی ئەوە لێبدەین شەریحەی لاوانمان هەیە ئەو شەریحەیە بە واقیعی توانیبێتی دابڕانێکی ڕیشەیی و قووڵی مەعریفی و کولتووریی و فەرهەنگی تەنانەت ئایدۆلۆژیی و سیاسیش لەگەڵ نەوەی پێش خۆی دروست بکات. ئەو کاتە نەوەیەک بە نوێ و لاو دەزانرێت بتوانێ سەرچڵی گەڕانێکی جەوهەریی و بنەڕەتی لە کەمەگەدا بکات یان سەرمەشق و جێشدەری بێت. یەکێک لە سیفەتە سروشتی و تایبەتیەکانی لاو ئەوەیە هەمیشە بە تووڕەیی و گوڕێکی زۆرەوە دەتە ناو گەپان و ئەتەرناتیفی خۆی پێشکەش دەکات و سەرکردایەتی شەشێک یان ڕاستتر بەم ڕەنسانسێک دەکات کە دەیەوێت سەرلەبەری ئەو چەمک و پێکهاتە و پەدراوانە بگۆڕێت نەوەی پێش خۆی بینای کردووە، جا زۆرجار گەڕانکارییەکە بەشەوەی پەزەتیڤە و گەڵێک جاریش بە پێچەوانەوە. ئەگەر لە ژێر ئەم ڕەشناییەوە بنواڕین بە واقیعی ئەو تۆڕاڵەی ئیمە لای خەمان ناومان ناون لاوان یاخە نەوەی نوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی ئەمە لاو و نەوەی نوەمان نییە، بەڵکو ئەو بوونەوەرەی ناوینراوە لاو تەنیا لە ڕواڵەت و پێکهاتەی فیزیکییەوە لاوە، ئەگەرنا وێنەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی واقیعی خۆیەتی و چەتەوە سەر هەمان ئاساڵەتی باب و باپیرانی خۆی.

دیسان هەمان ئەزموون و مەڕووی ژیانی باوک و نەوە دەرینەکان لە واقیعێکی نوێتردا دووبارە دەکاتەوە، ئەمەی کورد هەتا ئێستا نەوەیەکی نوێی تووڕە و یاخیمان نەبووە بتوانێت تایبەتمەندیی و

سروشت و کەستی خۆی جیا بکاتەوە لە سروشت و کەستی باوک، یان زەمینە و کۆشک بخوڕقێنێت دروستکراو و داهێنراوی دەستی خۆی بێت. بە پێچەوانەوە ئەو نەوەیی لە بەردەستدایە نەوەیەکی پاسیڤ و دەستەمۆ و خەشباوەکە، هەرگیز نایتوانیوە تەعبیر لە لاوەتی خۆی و جیاوازییەکانی لەگەڵ نەوەی پێشان بکات، جا نەخاسمە خاوەتی ڕەحەتی شۆشگەیی بێت و هەوەبدات بە دروستکردنی گەنجانکاریی ستراکتەریی لە کەمەگەدا. کاتێک لە کوردستانی شەڕی ناوخۆ وەک شۆکی نەگریس و خنکێنەر ڕووەدات زەربەی هەرە زەری قوربانییەکانی لاوان بووە!!، کچی لاو نەک هەر نابێتە لەمپەر و بەربەست لە بەردەم ئەم شەڕە و فشار دروست ناکات تا لایەنە بە شەڕهاتووەکان ناچار بکات بە وەستانی شەڕ (یان خۆ ئەگەر ملیش نەدەن بە دواکاریی وا خۆ کاریگەریی دادەنا لەسەر بارودۆخەکە، خۆ ئەگەر هیچ کاریگەریش نەبا، خۆ لاو لەم وەاتەدا شتێکی لەم چەشنەی نەکردووە) بەڵکو بە پێچەوانەوە خەیان دەبنە ژیلەمۆ و مەشخەڵ و هەزی ئەکتیڤی جەنگ، جەنگێک سەرتاپای مەژوومانی ناشرین و قەزەون کرد و وەنای کوردی لای ئەو هەموو ئەوانی تری دەرەوەی خەمان گەیی.

گەنج لە وەاتی ئەمەدا لە بەرامبەر ئەو هەموو پشێلکاریی و چەپاندنە غەریزیی و سێکسیدا ڕەژێک لە ڕەژان نەڕژایە سەر شەقامەکان و داوای مافی خۆی بکات. تا ئەو ئاستەی نایتوانیوە لە ئاستی پەرچەکرداری ژناندا بێت لەبەرامبەر کەمەگەی تەقلیدیی، چوونکە ڕێکخراوەکانی ژنان و ژنانی چالاکی دەرەوەی ڕێکخراوەکان بە دەنگ هەبەینیان توانیان بشەوێکی بەربەاو و کەمەایەتی، کشە و دەسیەی خەیان بە سەرجەم تاکەکانی کەمە بناسنن، ئەگەرچی تا ئێستاش تۆندوتیژیی و چەوساندنەوەی ژنان بەردەوامە، بەڵام غەدر تەکەشان و هەڕەسوەان و تەنانەت ڕەگی تاکەکەسی ژنان نادیدە بگرین یان لە شۆنی خەیدا ئاماژەی پێ نەدەین. ڕێکخراوەکانی لاوان هەمۆیان دەسکەلا و هەڕەماتی دەستی حزب بوون و لە بری ئەوەی گەنج وەک مەحرومترین کائینی ئەم کەمەگەیە لە گەڕاو و وەهمەکانی حزب و خەڵ و دامەزراوە چەپێنەرەکانی دی ڕزگار بکەن و ساز و ئامادەیان بکەن تا ببنە گروپی فشار و داخوازیی ویست و ئارەزووەکانیان بەرز بکەنەوە، گەنجیان کرد بە قەشمە و نێگبەتتریان کردووە و تاکو ئەو سنووری بردوبانەتە کەناری شەتبوون و نیهلیزمێکی کوڕانە و سەرلەشێواوانە.

لە پەرچەکرداری هەموو ئەم سەرکوت و بێئومێدیانەدا گەنج نایتوانی بەرەنگاری بکات یاخە با بەیەن ڕەحی بەرەنگاربوونەوەی لەسەنرایەوە، ئیدی بە درێژایی نزیکەی 13 ساڵی دوای ڕاپەڕین بە تایبەتی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا هەزاران بگرە سەدان هەزار لاو

چارەنووس و خودی خۆیدا دەستی قەدەر و دەریا و مافیا و رێگەی مینەژی هات و نەهات، بە مەبەستی قووتاربوون لە دۆزەخی وڵات و شادبوون بە بەهەشتی تاراوگە، هەرچەند لە کاتی گەیشتنیان بە تاراوگە ئەو وەهمەشیان بۆتاڵ بۆتەوە و هەستیان کردووە ریکلام و ستایلایت چەواشەی کردوون، بەڵکو لە ئەوروپاش نامەبوون و ئاوارەیی و کێشەکانی تاراوگە و دواجار بوون بەئامڕ و لەسەندنەوەی ڕۆح و بەها نەتەوەییەکان دیسان بۆتە خاڵی تەکشکان بۆیان، بە کورتی گەنجی ئەم وڵاتە بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە گەنجێکی خەشبەخت نەبووە، ئەگەر یەکێک لە هەڵکەوتەکانی ئەم بەدبەختییە و بەرتەسککردنەوە و سەرکوتکردنە دەسەڵاتی باوک و زاڵبوونی هەژموونی سیستەمی باوکایەتی (پاتریارکی) بێت بەسەر کەی ژیاندا ئەوا بەدنیایەوە هەڵکەوتکی تری بە ناهەشیاریی و تەنگەیشتن و پاسیڤبوونی خودی گەنج دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەم هەڵکەوتەی دوایان کاریگەری لەوی یەکەمیان زیاتر نەبێت ئەوا بەگومان هیچی کەمتر نییە.

هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنج بەشداریی نەبووە لە کایەی سیاسەتدا یان بەشێوەیەکی لاوەکی بەشداریی لە ژیانی سیاسیدا کردووە، هاوکات تێوانین و تێگەیشتنێکی هەڵەی دەربارەی چەمک و مەرامەی سیاسەت هەبووە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم من قسە لەسەر ئەو دەستەبژێرە گەنجە ناکەم لە گەڕەپانەکەدا بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو و ئەکتیف مەرامەی کاری سیاسیی دەکەن. بەڵکو دەمەوێ بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ قسە لەسەر زەرینەی گەنجان بکەم، چوونکە زەرینە پێوەرە نەک دەستەبژێر، هەر ئەوەش کەمکەمان دەکات لەوەی هەڵسەنگاندنەکانمان ڕاست و دورست دەربچن. بەردەوام نەوەی دوای ڕاپەڕین سیاسەتی بە بڕە زانیوە و خۆی لە لاداوە، کەم نین ئەو گەنجانەی بە سیاسەت قەڵس و بێزار دەبن، تەنانەت لە گوێگرتنی هەواڵەکان و بەرنامەیەکی سیاسیی تەلەفزیۆن بێزان و ئامادەی گوێگرتن نین بۆی، تەنانەت بەشێکی زۆری شەڕەی نێوکەسان و باوان لە نێو ماڵەکاندا شەڕەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنە! هەرووک گوتم هەرگیز گەنج ئامادە نییە کاتی خۆی بە تەرخان بکات.

هەروەها هەمیشەش لە دیدگای گەنجانی ئەمەوە سیاسەت سپەردراوە بە نەوەی ڕابردوو، لە دیدی ئەم نەوەیەدا ئەوان تەنیا کاریان ئەوەیە بە دوای پەیوەندیی ڕەمانسی و خۆشەویستیدا بگەڕێن (بە ئەوەی بزانن ئەو دنیا جوانەی ئەوان بیری لەدەکەنەوە سیاسەت دروستی دەکات و هەر سیاسەتیش دەتوانێت وێرانی بکات)!!، ئیدی چارەنووسی نەتەوە و کەمەگە و دواڕۆژی سیاسیی وڵات بە جەهەنم، بەداخیشەوە تەنانەت

ئەم تەوانینە پێویستیان بە ئاستی دەستبژێر چالاکی و وای لێکردوون دوورپەرێزیی لە سیاسەت هەبژێرن، بگرە بە تێپەڕبوونی شاعیر و شیعرنووس، کەی بیرکردنەوە و نووسینکانیشیان لە مودای پێوەندیی خۆشویستی نەوان دوو ڕەگەزەکە تێپەڕ ناکات، هەر ئەمەش بووەتە هەی کارساتکی گەورە و بەردەوامی تێکشکانی ڕەحی و دڕوونیکانی گەنجی ئەم وڵاتە. من خەم لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا نووسینکی لەو جۆرەم خوێندەوە، ئەوەی نیگەرانی کردم ئەوەبوو نووسینی گەنجێک بوو خاوەنی دوو کتێب و نووسەرێکی ئەکادیمی و چالاکیش، لە نووسینی ئەم هاوکێیدا تەرکیز کراوەتە سەرێک خاڵی ستراکتوریی: ئەویش ئەویە گەنج دەبێت وەک گەنج بژی و لە کناری ڕووبار پیاسە بکات و نامەی خۆشویستی بگۆڕێتەوە.
ئیدی سیاسەت لە دەرەوەی بازنەی ئەوە و لاو هیچ پێوەندییەکی بە سیاسەت و مەسەلە کارگێییەکانەوە نییە، ئەمەش دەرخەری ئەویە لاو خەی جەوی شل کردووە و نایەوێت نەو گۆڕانکاری و خەی بەڵمەنەت و بەشداریی چالاکانە بکات لە گۆڕانکاریی و پێشهات و کشمەکشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوەشی هەیە و بەشداریی کردووە (محەمەد عومەر عوسمان) وتەنی بە بیاخی حزب خەی بیاخ کردووە و بیرکردنەوە و ئایدەلۆژیای حزب هەموو سەرچی و یاخیبوون و تۆییەکی لە سەندەتەوە کە لە واقیعدا ئەمانە خەسەت و سروشتی ڕاستقینەی گەنجن. بە لە هەموو ئەمانەش تێکڕاوییەکی زەر بەدی دەکرێت لەلایەن گەنجکانەوە دەربارەی چەمکی سیاسەت و حزب، هەر وترا سیاسەت هاوتەریب کراوەتە لەگەڵ حزبایەتی، بەڵام مەرج نییە هەموو کەسکی سیاسیی حزبی بێت، یان بەو شێوەیە بێت سیاسەت و حزب دوالیزمکی لێک دانەبڕاو بن، بە پێچەوانەوە هیچکامیان پشمەرجی ئەوی دیکەیان نییە، سیاسەتیش پێش ئەوەی حزب دەربکەوێت لە مەژوودا و بەتە گۆڕانی چالاکییەوە لە ئاستی کۆمەڵگە بوونی هەبووە، بە کورتی سیاسەت لە پێش حزبدا لە دایکبووە و مەرجیش نییە هەردووکیان پێکەوە گرێدرا بن. هەروەها لەڕدا پێویستە وەک تێبینییەک ئەوەش بوترێت حزبایەتی شتکی قەزەون نییە بەکو بەشکە لە پێداویستی پرسەی سیاسەت لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەو ڕەشبینیەی ئەمە دروستمان کردووە لە بەرامبەر حزبدا دەگۆڕێتەوە بە واقیع و ئەزموونی حزبایەتی لە کوردستان، کە سەرەتا و کۆتایی بریتی بووە لە شەڕی براکوژیی و خۆکوژیی و یەکترسینەوە، هەنووکەش بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە جۆر و میکانیزمکی جیاوازتر شەڕی ناوخۆ وەک شێکی سارد بەردەوامیی هەیە.
نموونەی حزبی کوردیش ئەوەندە نموونەیکی سلبیی و بە کەک بووە، حزبایەتی پرسەیک بووە دوور کەوتەوە لە ئارەزووی خەک.

هەمیشەش خۆک بە گشتیی و لاوان بە تایبەتی پێنایان بە خوا گرتووە لە شەیتان و حزب، بەڵام هەشتا ئەمە بەهانە نییە بۆ ئەوەی لاوان خۆیان بدزنەوە لە کەشکانی خۆیان و بە دەربەستانە و بەشوەیەکی دەستە جەمعی بەرەو تاراوگە کۆچ بکەن، هیچ کاتێک ئەو بەهانە و عوزرە ناشەرعییە جێگەی قبوڵکردن نییە، چوونکە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی خۆی خۆی رزگار دەکات و نابێت چاوەڕێی هەزێکی غەیبانی و میتافیزیکی بێت، بگرە ئەو چاوەڕوانییە چاوەڕوانی گەدەیە و لە کۆنیشەوە وتراوە هەق دەسندرێت نابەخشرێت. ئێگەر ئێستا مایکی تیقییەک بچێتە بەردەم لاوەک و پێی بڵێ ئاوات و خواستت چییە؟ بێگومان ژیانێکی ئاسایی و گۆنجانێ دەخوازێت، بەڵام لە بیری کردووە ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی سیاستەوە بەدیدەهێنرێت، چوونکە کاتێک دەتوانرێت ئەم خواستە بەدیبێ لاوان خۆیان بەشداریی بکەن و ببنە گروپی فشار، ئەمش کاری دەستە جەمعی و پێکەوەیی و ئەرگانیزەکراو دەخوازێت، هەر کەبوونەوە و دروستکردنی فراکسیۆنێک لە دەوری ستراتیژێکی دیاریکراو خۆی لە خۆیدا سیاستە، بۆیە هەموو گۆران و وەرچەرخانکان بەستراوەتەوە بە سیاستەوە و گۆنجیش بۆ ئەوەی بتوانێت وەک گۆنج بژی و ممارسەی ژیان بکات پێویستە بەشداریی چالاکانە بکات لە کایەی سیاسییدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (107)ی ڕۆژنامەی (جەماوەر) لە ڕۆژی 2004-12-6 بڵاوبووەتەوە.

زانبووون بەسەر کەسپەکانی بەردەم راپەڕینی گەل لە ئێراندا.. عەبدولڕەحمان گەورکی

دواین بارودۆخی راپەڕینی خەڵکی ئێران و ئەرکەکانی ئەپۆزسیۆنی دیکتاتۆرییەت
عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

خەڵکی ئێران بۆ لە چوونە ناو ساڵی نوێ، ڕۆژیان گرت لە سەدان شەهیدی راپەڕینی ساڵی رابردوو (1401) و بەڵێنیان نوێ کردەوە و

سەری کۆنەشیان بۆ دانەواندن و لە بەیارەکی پتەوتر لە رابردووەوا، پەداگریان کرد لەسەر درێژەدان بە رێبازی شەهیدانی راپەڕین لە پێناو رووخاندنی دیکتاتۆریەت و دامەزراندنی ئازادی و سەربەخۆیی و سەروەریی نیشتمانی و جەماوەری و ئەمنیش وەک یەکەم هەنگاوی خێرا بۆ چوونە ناو سالی نوێ، کە سالی زێڕینی گەلانکاریی گەورە و گرینگە.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی حەوت مانگ بەسەر راپەڕینی قارەمانانەی دژی دیکتاتۆریەت، خەڵکی ئێران زیاتر هەست بە توانست و هێزی خۆیان دەکەن و راپەڕینەکەیان بەهێزتر دەبینن و بە ئومێدبەخشی دەزانن. چونکە پەیان وایە سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریەتدا لە نیوەی ڕێگادا تێپەڕیوە!

لە بیروەای گشتی و لە چاوی گەلانی جیهانیشدا، بە پێچەوانەی ئیدیعا و پیلانگێڕانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران و لایەنگرانی کۆلۆنیالیزم، باوەڕەکی پتەو هەیە کە "راپەڕینی گەل" نەک هەر دانەمرکاوە، بەڵکو بەرپاکردنی "جۆرێکی سەرکەوتنی گەل" بەسەر "دیکتاتۆریەت" لە داهاتوویەکی نزیکدا هەستی پێدەکرێت.

ململانێی دوو بەرەی دژ بە یەک!

ئەوەی لە حەوت مانگی رابردووی راپەڕینی خەڵکی ئێراندا بەرچاو کەوتووە، ڕەنگدانەوەیەکی بچووکی ئەو راستییە گەورەیە کە لە ئێراندا بوونی هەیە. چونکە سیاسەت و ستراتیژیکانی "کۆنەپەرستی و کۆلۆنیالیزم" پێکەوە ڕێگریان کردووە لە ڕەنگدانەوەی راستەقینەی راپەڕین و هەروەها خەراکردنی پرسەکە لە دژی دیکتاتۆریەت و هەوڵیانداوە بە "سانسەر" و "فیلتەرینگ" ڕێگری بکەن لەو گەڵانکارییە گەورەیەی بەردەوامە لە ئێران و بەمجۆرە، دیکتاتۆریەتێکیتر بەسەر خەڵکی ئێراندا بسەپێنن!

لە قۆناغی ئەم ململانێیەدا شەڵکی خۆناویتر لە نێوان دوو بەرەی "گەل" و "دیکتاتۆری"دا هەبووە و ئێستایش بەردەوامە. لە قووڵایی دیمەنی راستەقینەی شەڵکەدا، سنوور و ریزەکانی ئەم دوو بەرەیە "شێواو" نین. زۆر "هوون" ن و، دەستی ڕەش و شاراوەی کۆنەپەرستان و کۆلۆنیالیزم بە ئاشکرا دیارە. لەم گەڕانی راستەقینەی راپەڕیندا، لە دوو بەرە بەدەر نەماون. "بەرەی گەل" و "بەرەی دیکتاتۆری". زۆر هێمایە گەر پاشماوەی دیکتاتۆریی پێشوو بە بەشێک لە بەرەی گەل و نیاری دیکتاتۆریەتی ئایینی دابنێین!. ئێستا هەندێک دەوڵەتانی زلهێز و تەنانەت دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێرانیش ئەوانەی (قوت) کردووەتەوە بە شێواندنی راستییەکانی راپەڕین.

پەلەقاژەی دیکتاتۆریەت بە مانەوە لە دەسەڵات!

هەوومان لەبیرمانە کە لە سەرەتای راپەڕینی سالی رابردووەوە

دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئێران و پاشماوەکانی دیکتاتۆریی "شا" چەناوچەن بە دروشمی جۆراوجۆر هەوڵی بە لادابردنی مەسەری راستەقینەی راپەڕینیان داوە. ئەوان دەیانویست بەهاکانی خەڵک و راپەڕین و کەمەگا بشوێنن و بەم شێوەیە راپەڕینەکە بە لادا بەرن و دواتر دایمرکێنن. ئەوان دەیانویست بە داتاشینی "سەرکردایەتی" و "ئێتەرناتیف" بە راپەڕین و بە لابەربردنی بەهاکانی کەمەگا و شۆش، بە "دانسینگی سەر شەقام" و "قژبەندەو" و لێکترازاندنی ریزەکانی راپەڕین بە رەگەی "ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی"، "ژن و پیاو"، "بە حیجاب و بە حیجاب"، "فەدانی مەزڕی ئاخوندان"، "دووبەرەکی نانەو لە ناو نەتەوەکان و ئایینزاکان"دا و... گەڕپانی راپەڕینەکە ئەوەندە "قوڵاوی" و "لەڕ" بکەن کە خەڵک لە درێژدان بە راپەڕینەکەیان بەهیوا بکرێن و دیکتاتۆریەت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.
لە سەرەتای راپەڕیندا، کەنەپەرستی و کۆلۆنیالیزم، سیاسەتی "چەکوچ و سندان"یان بەکارهێنا بە ئەوەی خەڵکی ئێران ناچار بکەن لە نێوان دوو بژاردەی "شاپەرستی" و "ویلایەتی فەقیهی"، یان بە واتایەکی دیکە "دیکتاتۆریەتی پاشایەتی" یان "دیکتاتۆریەتی ئایینی"، یەکەکیان قبووڵ بکات. ئەوان بەم دوو بژاردە دژە مرۆیە، دەیانویست هێزی سەرەکی گەڕپانەکە و هێزی راستەقینەی سەر شەقام پەراوێز بخەن و ئێتەرناتیفی دەخوازی خەیان بەسەر ئێران و ئێرانییەکاندا بسەپێنن و جارێکی دیکە سەرکردایەتی راپەڕینی خەڵکی ئێران بە تاڵان بەرن!
تەهەچوونێک لە دوو دیوی سنوورەکانی ئێراندا!
عەلی خامنەیی و کاربەدەستانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، راپەڕینیان بە "ئاژاوەگێڕی" و راپەڕینکارانیان بە "ئاژاوەگێڕ" ناوبرد و رایانگەیاند کە راپەڕینەکە لەلایەن "بیانییەکان"ەوە رابەرایەتی دەکرێت!
لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش، ئۆکتەڕ کۆلۆنیالیستەکانیش هەر لە سەرەتای راپەڕینەوە بە نیاز بوون لە ژێر ناوی "ناتوندوتیژی" و "خۆ بەدوورگرتن لە تێکدەرەکان"دا، "دامانی رواڵەتیی دەسەڵات" و "تێپەڕبوونی هەمنانە بەسەر دەسەڵات"دا، لە جێگەی "ڕوخاندنی دیکتاتۆریەت" دابنێن و لە جیاتی رووبەڕووبوونەوە بەرانبەر بە دیکتاتۆریەت لە سەر شەقام و گەڕپانکاندا، بانگەوازی خەڵک بکەن کە "لە ماڵەوە"دا بمێننەوە و "پاراستن و مانەوەی سوپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات"یان کردبوو بە دروشمی خەیان!
سنووری سووری نەوان گەل و دیکتاتۆر!
بەڵام خەڵک، بە هێزی سووری "نا باشا و نا بە ئاخوند" و

فراوانکردن و بەاوکردنەوەی دروشمی سەرکیی "مەرگ بە دیکتاتەر" و "مەرگ بە خامنەیی" و "مەرگ بە ستەمکار، چ شا بێت و چ رابەر (واتا وەلی فەقێ)" و لادانی دروشمی لاوەکی، پیلانگێڕی و ئاستەنگکانیان یەک لە دوای یەک تێکشکاند.
لە تێوانینکی راست و دروست بە سەر حەوت مانگ راپەڕینی خونناویی خەڵک لە ئێران، دەبینین رێگایەکی دوور و درێژ خراوەتە پشت سەر و خەڵکی ئێران زەرەک کەسپ و پیلانی کۆنەپەرستانە و کۆنەنیالیزمیان (کە بەداخەوە هێندێک تاک و لایەنی "کورتبین" و "بەرژەوەندخوازکان" بە "فێڵکردن و "لەخشتەبردن" خستبووە پاڵ خۆیان) تووشی شکست کردووە و هاوکات دەسکەاتی دیکتاتەریی ئاخوندیان بەرەو لەواری رووخاندن برد. ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی راپەڕیندا پەی لە ناو "راستیەکان"دا نییە، پاشماوەی دەسکەاتی دیکتاتەریەتی شا و ئەو ئێکتەر و رۆوتە هەڵپەرستانەن کە لەلایەن کۆنەپەرستان و کۆلەنیالیزمەوە هێنراونەتە سەر شانێ!
ئازار و دەرمانی هاوبەشی گەل!
لەمووەوە خەڵکی ئێران بە پەرەپێدان و توندترکردنی هێنگاوەکانی راپەڕینەکەیان و بە تایبەتی پێشکەشکردنی زیاتر لە ٧٥٠ شەهید، پشتیان بە خەیان و هێزی خەیان بەستووە نەک بە هێزی "زلهێز" و "بێگانە". ئەوان بە دروشمی "یەکەیزی" و "برایەتی"، دەیانەوێت "ئازاری هاوبەش" بگەیەننە ئاستی "چارەسەری هاوبەش". چونکە "رەمزی سەرکەوتن بەسەر دیکتاتەریەت"یان بە دەستەوەیە. دروشمی "لە زاهیدان و کوردستانەوە تا تاران، گیان بەخت دەکەم بە ئێران"، کە ئێستا بۆتە یەکێک لە دروشمە نۆتۆیی و جەماوەریەکانی سەرتاسەری ئێران، پەیوەندی بەمەوە هەیە.
کەواتە بە هەی هۆشیاربوونی خەڵک و هەبوونی موقاومەتێکی رەسەن و خاوەن پێگەی جەماوەری و مێژوو و پێکهاتەی دێرینیەوە، راپەڕینی خەڵکی ئێران لە کۆتەنە ناو رەوتەو و مەسەری نادروست، (کە لەلایەن دیکتاتەریەتکان و پشتیوانانی جیهانی و ناوچەیی دیکتاتەرکانەوە کاری بە کراوە) پارێزراوە و توانیویەتی مانیزمی خەی بپارێزێت لە گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیدا و، مەرکی "نا" بکەشێت بەسەر هەر وەستان و باجدانێکدا.
وانەیەکی گرنگ!
ئەو نەوەیەی لە گۆڕەپانی راپەڕینی دژەپاشایەتی لە ساڵی 1357 (1979) حزووری هەبووە، بە باشی بیری دەتەوە کە چۆن "سەرکردایەتی راپەڕین" لەلایەن "خومەینی" و "دەسەاتی دیکتاتەریی مەزهەبی"یەوە دزرا و دیکتاتەریەتکی زەر خراپتر هاتە سەر کار و دەسەاتی بەدەستەوە گرت. راپەڕینی ساڵی رابردووی خەڵکی ئێران لە دژی

دەسەڵاتی دیکتاتۆریی مەزهەبی، لەسەر بنەمای وانەیەکی وەها گۆردا توانیویەتی پارێزراو بێت بەرانبەر بە چەتەکان و مشەخۆران و، پیلانگێڕانی دیکتاتۆریەت تێکبشکێنێت. ئەستا ئەوە نەوەی بەهەزەکانی کەمەگای ئێرانن کە لە پەوەندا لەگەڵ "دەزگای ڕەبەرایەتیی گشتیی ڕاپەڕین" توانیویەتی بەردەوامی بدات بە بەسەی ڕاپەڕین لە ئێران و خەی ئامادە بکات بۆ هەنگاوگیتری ڕاپەڕین و بۆ تایبەتی بۆ وەدیهێنانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئێران. بۆ پشت بەستن بەو ئێرگانەیە کە دەکرێت سەرکەوتنی شۆش و ڕاپەڕینی گەل لە ئێران مسۆگەر بکرێت.

ئێرکەکی گرینگی سەردەم!

لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان، پەکاتە و ڕەکخراوە ڕەسەنەکانی ئێران و هێزە ڕاستەقینەکانی ئۆپۆزسیۆنی دیکتاتۆریەتە کە بەبۆ گۆڕانە هەر جیاوازییەک، بۆ دروشمی "نا بۆ شا و نا بۆ ئاخوند"، خەرایی بەدەن بۆ گەڵانکارییەکان لە ئێران و، ئەم وەاتە بەرەو ڕزگاری بەرن و چیتر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە و کۆلۆنیالیزمی لە ئێران دووبارە نەبێتەوە و هەموو بەشەکانی خەڵکی ئێران بتوانن لە پەناو دامەزراندنی دەسەڵاتکی نێتەوەیی و جەماوەری دەموکراتیک، شان بۆ شانی یەکتر بەردەوام بن لە ڕاپەڕین!

کۆتایی

کاتژمێر 9- بوو.. شەماڵ بارەوانی

کاتژمێر 9- بوو
ویژدانی مرۆڤایەتی مرد
جاڕنامەی گەردوونی ون بوو
میلی سەعاتی زەمەن ڕاوەستا و
دڵی 182 هەزار کورد کون بوو

کاتژمێر 9- بوو
پەپوولەکان مردن
گوڵەکان وشکبوون و

باهەزێکی تۆش هات،
هەچی لای لایەی دایبوو هەموی بردن

کاتژمێر-9-بوو
ژیان سەبوو
هەرچی دەنگی درزن بوو
هەمووی کەبوو
کەسێک نەیگوت نەیانکوژن
یا کارەساتێکی جەرگ بەبوو

کاتژمێر-9-بوو
دنیا خەوتبوو
یوئێن (UN)خەریکی مامۆی خوێن بە نەوت بوو
لە سایەی بەدەنگی مــەردووم
182هــەزار کورد قە و فەوت بوو

کاتژمێر-9-بوو
ئاسمان گریا
ەووبارکان بوونە فرمێسک و
گــەردوون هاواری لە هەستا
خەزیا نەبوامە سەد بریا

کاتژمێر-9-بوو
جیهان نقتەی لەخەی بەی
ەوحی 182 هەزار پەپوولە
بە شوێنکی نادیار فڕی

شەماڵ بارەوانی

ئەنفال.. پشکۆ ناکام

لەسەر ئەنفال زەر ئەووترێت ، هەمووی قسە و پەخشان و موزایەدە و فرمێسکی تیمساحە ، تا ئێستا جگە لە تاوانباری بریاردەر کە ”

بەعس" بوو ، کوردە جە بەجکارکانی ئەو جینۆ سایدە لە ناومانا، لە گەڕکانمانا ، لە شارکانمانا موعەزەم موکەڕەم ئەژین ،،!! بەیە باشترین یاد کردنەوە ئەوەیە کە لە هەڵەبجەی گەورە هەرچی جاش و موستەشاری بەشداربووی ئەنفال هەیە بە نان خواردنەکی شایستە ، بانگ بکرێن و مناڵان و کەس وکاری ئەنفال کراوەکان خواردنی دەعوەتەکە حازر بکەن و بیخەنە بەر دەم میوانەکان … هەڵەبجەش بە دوو تابلۆی گەورە بەزمانەتەوە ، تابلۆی یەکەم " سورەی ئەنفال" و تابلۆی دووەم وێنە " پورترەت" ەکەی فەرەکەوان " تاریق عەزاوی" دیواری هەڵەبجەکە داپۆشن ، کەتایی دەعوەتەکەش بە پێشکەش کردنی گوڵەکی زەرد و گوڵەکی سەوز بە میوانە خۆشەویستەکان کەتایی پێ بێ.....